ناساندن



کەریم سۆفی

# شعر سكوت




هەڵبژاردەیەکە لە شیعرە بڵاو نەکراوەکانی بیژەن جەلالی کە لە نێوان ساڵانی ١٣٤٥ - ١٣٥٠ی هەتاوی ١٩٦٤ - ١٩٧١ زاینی نووسیویەتی چاپی دووەمی ئەم کتێبە شیعرییە لەلایەن "انتشارات مروارید" لە ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی ٢٠٠٦ی زاینی بڵاو کراوەتەوە.

کتێبەکە بە قەبارەی گەورە ٣٨٤ لاپەڕەیە، وێڕای کۆمەڵە کورتە شیعرێکی زۆری شاعیر کە هیچیان ناوونیشانیان نییە، چەندین ناوونیشانی تر دەکەوێتە بەرچاو کە دەربڕین لەسەر شیعر و شاعیریەتی ئەم شاعیرە، لەوانە:

* شیعری بیژەن جەلالی - کامیار عابدی.
* روزنەها "رۆژنەکان" - بەهائەدین خورەمشاهی.

* پیام دوستی "پەیامی هاوڕێیەتی" عینایەت سەمیعی.
* شاعیری "شعری سکوت" دیمانە لەگەڵ شاعیر ـ سازدانی : ئەحمەد رەزا ئەحمەدی
* دیمانەیەکی تر لەگەڵ بیژەن نەجدی ـ سازدانی: مهراد جەلالی

لە بەرگی دواوەی کتێبەکەدا ناوونیشانی ئەم کۆمەڵە بەرهەمانە خراوەتە روو کە شاعیر چاپی کردوون:

- روزها ١٣٤١هـ ـ ١٩٦٢ ز
- دل ما وجهان ١٣٤٤هـ ـ ١٩٦٥ ز
- رنگ ابها ١٣٥٠ هـ ـ ١٩٧١ ز
- اب و افتاب ١٣٦٢ هـ ـ ١٩٨٣ز
- بازی نور "منتخب اشعار" ١٣٦٩ هـ ـ ١٩٩٠ز
- روزانەها ١٣٧٤ هـ ـ ١٩٩٥ز
- دربار ئەشعر ١٣٧٧هـ ـ ١٩٩٨ ز
- دیدارها ١٣٨٠ هـ ـ ٢٠٠١ ز
- نقش جهان ١٣٨١هـ ـ ٢٠٠٢ز

## چەند راوبۆچوونێک لەسەر شیعرەکانی

ئەمانەی خوارەوە، چەند راوبۆچوونێکن لە میانەی نووسینەکانی نووسەرانی ناو کتێبەکەدا هاتووە و ئێمە وەکو خاڵ رێزمان کردوون، بە مەبەستی بەرچاو روونییەک بۆ خوێنەرانی بەرێز. "وەرگێڕ"

**کامیار عابدی:**

- شیعری بیژەن جەلالی پەناوپێچی لەفزی و واتایی تێدا نییە، پێچوپەناسازی فکری لە خۆی وەدەرناخات.
- پابەندی کێش نییە.
- هەستی شاعیرانەی لە بەرامبەر ژیانی رۆژانە و بووندا، رەنگ و روویەکی عیرفانی بە شیعرەکانی داوە.
- شاعیر لە خۆی دەدوێ، هەندێ جار لەگەڵ خۆی قسە دەکات، هەندێ جار سیمای

موناجات دەنوێنێ.

– نهێنی سروشت لە ڕەنگدانەوەی زەینی شاعیردا دەرکەوتەیەکی تایبەتی هەیە.

– لە میانەی ڕەگەزەکانی سروشتی و شێوەی ئاسایی وتەی شاعیرانە، نزیکایەتییەکی بەرچاو دەبینرێت.

– شیعرەکانی جەلالی ڕامان و وردبوونەوەیەکی پێکەوە گرێدراون و درێژبوونەوە و بەردەوامی یەکترن.

**بەهائەدین خورەمشاهی:**

– شیعرەکانی جەلالی ئاخاوتنی دەروونن، تاکە گوتاری ناخن.

ـ کە ئاشنایەتیم لەگەڵ شیعرەکانی باشتر بوو، بینیم سادەیی شیعرەکانی بەبێ هیچ زێدەڕۆیی و بێهوودەگۆیی قووڵن.

ـ ئەو هەستە عیرفانییەی لە شیعرەکانی ئەودا هەیە، نە عیرفانێکی مەزهەبییە نە عیرفانی ڕۆژئاوایی و نە ڕۆژهەڵاتی دوور، عیرفان بە تێڕوانینی ئەو واتە «خۆ بە موحتاج نەزان و تەسلیم نەبوون» ئەو لە ژیانی ڕۆژانەشیدا بەم جۆرە عیرفانە پابەند بوو. هەرگیز دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام هەمیشە خۆشی بە موحتاج نەدەزانی.

**عینایەت سەمیعی:**

ـ شیعری بیژەنی جەلالی پاشکۆی شیعری پەند ئامێز و فیکری ئیشراقی زمانی ئەدەبیاتی فارسییە.

ـ زمانی شیعری جەلالی هەر لە سەرەتاوە، زمانێکی سادە و ساکاربوو.

ـ شیعری جەلالی، شوێنی دەرکەوتنی ئادەمیزادی ئاساییە.

ـ شیعری جەلالی لە دەرەوەی مێژوو ڕوو دەدات، هەندێ جار زەمەنی ئەو لە "زەروانیزم" نزیک دەبێتەوە. لە زەروانیزمدا زەمەن نە سەرەتای هەیە نە ئەنجام. بەڵکو مانەوەیەکی ئەزەلییە.

ـ شیعری بیژەن جەلالی وەکو دەرکەوتن، سادە و بێڕەنگ و ڕوو خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە.

ـ شیعری جەلالی، خواستەکانی ئادەمیزادی ئاسایی بەیان دەکات بێ پشتبەستن بە مێژوو.

## هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی

من لە ڕێگەی شیعرەوە هاتوومە دنیا
لە ڕێگەی شیعرەوەش لە دنیا دەڕۆم
لە ڕێگەی شیعرەوەیە
کە بۆ گوڵان و خەڵکی
دەگەڕێمەوە
هەروەکو چۆن ڕووبار
لە پێگەی خۆیدا
بەرەو دەریا دەڕوات
منیش لە ڕێگەی شیعرەوەیە
کە بەرەو
هەمیشەیی دەڕۆم
*
لە دڵی مندا ئاگرێک دەسووتێ
لەبەر ڕووناکییەکەیدا
بە نێو کوێرە ڕێگەکانی دڵم
هەنگاو دەنێم
*
لە ناخی مندا ئاگرێک دەسووتێ
لە سەرمای جیهان
لە تەکیدا
پەنایەک دەدۆزمەوە
*
لە دڵی مندا ئاگرێک دەسووتێ
بڵێسە هاوسەنگەکانی
چاوانی منی سەرسام کردووە
*

له دڵی مندا ئاگرێک دەسووتێ
بۆ هەمیشەیی
بەسەر بێدەنگی و فەرامۆشیم
سەردەخات
*
کتێبەکەم پێشکەش بە کەسانێک دەکەم
کە بە تەنیا دەژین
لە پەراوێزی هەموو شتێکا
لە پەراوێزی ژیان
لە پەراوێزی مەرگ
بەلاّم بزانن و نەزانن
لە نێو ماڵی جوانیدان
خۆزگە ئەوانە لەو ماڵەدا
بیریان دەکەوتەوە
خۆزگە دەیانزانی
لە نێو چ ماڵێکی جوانیدان
شادی وەکو گوڵێکە
لە ئاگر
کە من تێیدا
دەسووتێم
*
چەند خۆشە
دلێک مردەنی بێت و
تێیدا
عەشقێک
هەمیشەیی بێت.
*

ڕۆژ ژیانی منی
ڕاو کردووە
بۆ هەرلایەک دەچم
ڕۆژە
*
لە نێو لەپی مندا درەختێک ڕواوە
ئەفسووس کەسێک ناوەکەیم پێ ناڵێت
لە چاوەکانی مندا گوڵێک چرۆی کردووە
ئەفسووس کەسێک فێری ناوەکەیم ناکات
باڵندەیەک لە سەری مندا هێلانەی کردووە
ئەفسووس کەسێک ناوەکەی نازانێت
لە دڵی مندا ڕووبارێک دەڕوات
کەسێک نازانێت بە چ دەریایەک دەگات
لە جەستەی مندا خاکێکی بەروبوومدار هەیە
کە تێیدا ئارامم گرتووە
کەشەکان بەسەر مندا تێ دەپەڕن
مانگیش سێبەرم لێ دەکات
*
لەگەڵ چاوی هاوبەشی جیهانە
کە دەبینم
لەگەڵ گوێی هاوبەشی جیهانە
کە دەبیستم
لە جەستەی هاوبەشی جیهانە
کە سۆز پەروەردە دەکەم
ئەگەر نا دووری
من و تۆ و زەوی و ئاسمان
بێ کۆتاییە.
*

ئاینده و رابردوو
شەو و رۆژ
وەکو گژوگیاکانن
کە لەسەر دەست و روخساری ئێمە
رواون
*
ئێمە شیعر ناخوڵقێنین
بەڵکو ئەوە بەرەو دنیای ئێمە
دێت
ئێمە شیعر ناڵێین
بەڵکو ئەوە وەکو گوڵێک
لە نێو دڵی ئێمەدا دەپشکوێت
*
خودا حافیز گەنجیەتی
تۆ زۆر گریای تا ئەمڕۆ
بە من گەیشتی
بەڵام من ئێستاکە
بۆ تۆ ناگریم
بۆ تۆ کە رۆیشتی
*
ئەمڕۆش رۆژێکی نوێیە
خۆریش، خۆرێکی نوێیە
*
چونکە ئیتر ئەشک
سەرمایەی من نییە
بەڵکو شادییە
کە من بەرەو خۆی
تا ئەبەد

بانگ دەکات

*

ئەوەی کە هەیە
دەمخاتەوە یادی
ئەوەی کە نییە

*

منداڵێکی چەند نەزانم
منداڵێک کە ستایشی
نەزانینی خۆی دەکات

*

لە هەمان ڕێگەی
کە لە دنیا
چوومە دەرەوە
هەر لە هەمان ڕێگەوە
بە دنیا گەیشتم

*

من دەڕۆم
بێ ئەوەی بزانم
تۆ لە کام ڕێگەوە ڕۆیشتی
پاشان دەگەڕێمەوە
بێ ئەوەی بزانم
چ ڕۆژێک
بەدوای سۆراغی مندا
دێیت.

سەرچاوە: کتێبی "شعر سکوت" بیژن جلالی، گزیدە شعرهای منتشرنشدە سالهای ١٣٤٥ ـ ١٣٥٠، چاپ دوهەم ـ ١٣٨٥، انشارات مروارید.